## (2)
## ئێمە هێشتا نیشتەجێی ناو سندووقەکان و قەفەزەکانی خۆمانین

دوا جار کۆمەڵگە ستایشی کەسە نۆرماڵ و ماقووڵەکان دەکات، لەناو هەموو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و بازاڕ و بزنس و دونیای تیۆلۆژی، ماقووڵ بەو مانایەی کە ناوێرن لەناو کلێشەکان و شێواز و قاڵب و بۆکس و تابووتەکان بێنە دەرەوە، ئەوەیان یەکەمین ئەرک و کاری پەروەردەی وڵاتانی رۆژهەلاتە تا ئەم ساتەوەختەی تیایدا دەژین، مەرجە لەژێر سایەی پەروەردەیەکی وا کۆندا کچ و کورەکان ببنە بووکەسەماکەرە و قەرەقۆز و تووتی و داهۆڵ، تاوەکو ماقووڵ بن، کە پەرادۆکسەکە لێرەدایە 'ماقووڵ' لە 'معقول'ی عەرەبی خواستراوە کە بە واتای ئەو کەس و شتە دێت کە عەقڵ پەسندی دەکات، بەڵام عەقڵی کێ و لە کوێ و چۆن و بۆچی؟ چونکە ئەم پەسندکردنەش پەیوەستە بەو پێوەرە ناماقووڵانەی کە مرۆڤە ناساغەکان و گەمژەکان نەخشەکەیان رەسم کردووە، نەخشەیەکە کە لە ناویدا ون دەبین و رێ دەرنابەین، نەخشەیەکە رێگاکانی رووەو جەهەننەم دەمانبەن، ئەوەی کە وەک ئاسایی و ماقووڵ و سروشتی بە ئێمەی دەناسێنن، هەر هەمووی دوورە لەوەی وا بکات مرۆڤی ڕەسەنمان لێدەربچێت، رەسەنبوون دیوە راستەقینەکەی خۆمانە کە بەربەستەکانی پەروەردەی کۆنەپارێز ناهێڵێت کەس پێی بگات، رەسەنبوون بەو مانایەی کە پەروەردەی خاوەن رۆحێکی مێگەلگەرایی ناهێڵێت رۆحی یاخی و تاکڕەوانەی خۆت بەرەو سەرکەشی و سەرکێشی بتبات، بە واتا لێسەندنەوە و زەوتکردنی هەر هەموو وزە و توانا ئاشکرا و شاراوەکانی ئێمە کە بە زگماک و خۆرسک هەمانە، هەرچی پێی بوترێت هۆشمەندی و شکۆمەندی لێمانی دەدزن. رەسەنبوون هیچ نییە بێجگە لە راستگۆیی لەگەڵ خۆت و دونیادا، ئەوپەڕی خەمخۆری بۆ هاوتوخمی خۆمان و هەموو ئەو توخم و رەگەزانەی کە ئێمە و سروشت دەوڵەمەند دەکەن، کە دراوسێی باشی ئێمەن و ژیانمان جوانتر دەکەن، کەچی پەروەردەی ناڕەسەن فێری بێباکی و ملهوریمان دەکات، خۆپەرست و دڕدۆنگ و مۆن بەرامبەر هەر شتێکی جوان کە لە ناو کەسانێکی دیکەدا هەن و خۆمان لێیان بێبەشین، هەر خودی ئەو مامۆستا بە رووکەش سەنگینانەن کە هەوڵی زۆرمان لەگەڵ دەدەن فێرمان بکەن کە چۆن ملکەچ بین و واز لە 'نەخێر' و 'بەڵێ'ی خۆمان بێنین، تەقەللا دەدەن کە وەها بێ هۆش و گۆش بین کە ئەگەر باوکەکان وەک مێگەل رووەو کوشتارگەن یان مێرگەکان لێمانبخورن هەست بە هیچ جیاوازییەک نەکەین. هەر خودی ئەو مرۆڤە زۆر ماقووڵانە لە ئامارێکی کۆنی بەردەستی مندا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی حەفتاکان، لە ماوەی نیو سەدەدا، پتر لە سەد ملیۆن مرۆڤی ماقووڵ و نۆرماڵی کوشتووە، هەر دەبێت وا بێت: پیاوە بە هۆش و گۆشەکان بە ناوی بەها بەرز و باڵاکانەوە یەکدی دەکوژن، بێجگە لە ملیۆنەها کوژراو و کەمئەندامی سێ هەزار جەنگی لا بەلایی و بە ناو وردە شەڕی خوێناوی، دیارە گەر بکەوینە دوای ئامارە تازەکان دەگەینە سەر ملیۆنەهای دیکە، گەر مرۆڤەکان لە ناو ئەو ماڵ و کڵێسا و و سەربازخانە و حزب و قوتابخانانەی ئەوێ رۆژێی رۆژئاوادا، هەر لە سەرەتاوە گرگن و ترسنۆک و خەسیو نەبوونایە و رێک بۆ ناو تابووتەکان ئامادە و ساز نەکرانایە، وەک بەرخەکانی قوربانی لەو مێرگانە و تەویلانەدا قەڵەو نەکرانایە، چۆن و بە چ شێوەیەک دوو شێت و گەمژەی وەک ' هیتلەر' و 'مۆسۆلینی' وەک گاڕان رووەو کوشتارگەکان رایان دەدان، هەڵبەتە بە هەمان پێودانگ بە ناوی سۆشیالیزم و

لە وڵاتانی ژێر قەڵەمڕەوی بلۆکی سوور بە ملیۆنەها کوژران بە ناوی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتی و بەهەشت ئاسا، لە پاڵ دوو جەنگی جیهانی کە نێوان و وچانی نیو سەدە کەمتر بوو: ژمارەی قوربانییەکان دەگاتە سەد ملیۆن کوژراو و کەمئەندام. ئێستەش و لە رۆژهەڵاتی ناویندا قەسابخانەکانی سەدەی بیست و یەک بە ناوی خودا و نیشتمانەوە خوێناویتر دەبن، هەر هەمووشی بە ناوی دروشم و بەها پیرۆزەکانەوە خودی ژیان دەکوژێننەوە. هیچ نییە..پەروەردەی مەرگدۆست دونیایەکی خاپوورترمان بۆ بەجێدێڵێت، پەروەردەی ئێمە بە ناوی رەوشت و نیشمانپەروەی درۆزنانە و مەعریفەتێکی ترسنۆک و ساختە دژ بە هەموو جوانییەک و خەیاڵ و خۆشی و رۆحپەروەری دەوەستێتەوە، خودی زانستە مرۆییەکان و سروشتییەکان بێجگە لە خەمۆکی و تۆران و کوشتنی مەراق و پشکنین و پرسیار و گومان، هیچی دیکە ناکەن، گەر مەعریفەتێکی کەم بە منداڵەکان ببەخشین، مەعریفەتێکی بێزەوەر و غەمهێنە کە هەرگیز ئاشتمان ناکاتەوە لەگەڵ خۆمان و ژیان، مەعریفەتێکی زڕ و زۆڵە کە پتر ئەو هەستە لای زۆرینە بەجێدێڵێت کە دەماغسزن، پتر نەخۆشمان دەخات وەک رۆح و لەش، مەعریفەتێکە کە پایەکانی لەسەر سزا و ئەشکەنجە و کەمبوودی وەستاون، نەک ئاشتی و ئاسوودەگی و دلێری و پڕوابوون بە خۆمان. زانستێکی ئەوەندە وشک و بێ ئەرزشە کە نامۆمان دەکات بە خۆمان و خەڵکی، هیچ پردێکیش لە نێوان تیۆرە و پراکتیکدا نییە، خەرەندێکی گەورە لە نێوان زانستەکان و ژیانی ئێمەدا هەیە. دەزگا پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان، لە بری دۆزینەوەی سەرچاوەکانی نەخۆشییە رۆحی و جەستەییەکان، پتر نەخۆشمان دەخەن. نە ئەزموونەکان و نە تاقیگاکان دادمان نادەن، زانکۆکەکانی ئێمە بەدەرن لەوەی هێزی بەخشینی مەعریفەی خۆناسین و دونیاناسیمان بخەنە بەردەست، نە ئامانجەکان دیار و روونن نە گەیشتن بە ئەنجامەکان، ئەگەر بەڵێنە زانکۆکانی ئێمە مێ و نێری خۆناس و دونیاناس و گومانکار و زانستخواز و دەم پڕ لە پرسیار و رەخنەگر و چاونەترس و یاخی دروست بکەن، ئەی ئەو هەموو مەردوومە گوێ کەڕیلە و خامۆش و بێ زمان و چاوە لە کام کارگەوە بەرهەم هاتوون؟ کەچی لە کۆتاییدا دادگاییان دەکەین بەوەی کە بێ بەهرە و دەست و پێ سپین، نەخوێندەوار و کاسن، بێ ئەوەی دەرکی ئەوە بکەین کە ئەوان هێشتا لە ناو پۆلەکاندا کۆرس و وانەکانی ملکەچی و غەفڵەتگیری دەخوێنن، ئەوان هێشتا لە ناو تابووتەکانن کە رێگەیان پێنەدراوە گەشە بکەن و زیندووتر بن. ئەوان پتر ژمارەن، وەک مشک و کەروێشک و زیندەوەری ناو لابۆرەکان مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێت، ئامێر و ئامراز و بابەتن نەک مەردوومی بە ئاوەز، ماکینەن، بوونەوەری ناو ئالۆزییەکانی بایۆکیمیاگەرین، ئامادە دەکرێن بۆشاییەکی وەهمی ناو دونیای کار پڕ بکەنەوە نەک خودی ژیان، هەمیشە دەبنە سوبژێکت، بە جۆرێک کە ئاسوودەن وەک کەرەستە و شتومەکی بێ گیان مامەڵەیان بکرێت، هەمیشە چارەنووسی خۆیان بە هێزێکی نادیار دەبەستنەوە، پڕوایان بە بەخت و چارەنووس هەیە، رێک وەک ئەو مەردوومانەی لە کۆندا پڕوایان وا بووە ئایندە و بەختیان بە ئەستێرەکانی ئاسمانەوە بەستراون، کەمترینیان پڕوای بە ویست و توانای خۆیان هەیە، خوداوەندەکان لێیاندەخوڕن، یان هێزە نادیارەکانی ناو کۆمەڵگا، ئەوەی کە لای ئێمە دەگوزەرێت ملکەچکردنە بەوەی لە دەستەڵاتێکی زاڵ و خواهانەوە ژیانمان بەو شێوەیە رەنگرێژ کراوە، بەدەر لەوەی ئەو هێز و دەستەڵاتە رەواو راستەقینەیە  یان ساختە و عەمبارەپۆ.

گەورە دەبین و گەشت دەکەین بە ناو جوگرافیاکان و سەردەمەکاندا تێدەپەڕین و تابووتەکانی خۆمان بە دوای خۆمانەوە رادەکێشین، تابووتەکانماڵی راستەقینەی ئێمەن، گەورە دەبین و داماڵراو و داپڕ لە ئەزموونێکی زیندووی مرۆڤدۆستی کە فێرمان بکات خۆمان و خەڵکی و باقی گیاندارەکانی دیکەمان خۆشبوێت، بێ ئەزموونی مانەوەیە لە ناو سندووق و قوومات و بێشکەی یەکەم..گیرخواردنە لە ناو چڕیی تاریکیی تابووتەکان کە هەناسەپڕ و خنکێنەر و بزمارکوت کراون. هەژاری لە ئەزموونداە دەرئەنجامێکە بۆ هەژاریی کار و مەعریفەی ئێمە، کە بە داماڵین لە مرۆڤبوون کۆتایی دێت. لە ناو وەها ژینگەیەکدا لە هەموو ئاستەکاندا و بە گشتی فەرهەنگێکی هەژارتر بەرهەم دێت، کارەکتەرەکانی ناوی هیچیان پێ نییە بیبەخشن. بە هیچ شێوەیەک لەناو وەها ژینگەیەکدا ناتوانین بە ئاسانی لە هەڵسوکەوت و رەفتار و رەوشتی خۆمان تێبگەین، هەتا بیرکردنەوەش ناگاتە ئاستی خوێندنەوەی نائاگاهی خۆمان کە بە عەقڵی شاراوە ناسراوە، خوێندنەوە و بیرکردنەوە و شیکاریمان بۆ کار و کردەوەمان کورتی دێنێت و کەمترە لەوەی کە لە رووکەشدا دەیزانین، چ سەبارەت بە خۆمان و چ سەبارەت بە کەسانی دەروبەرمان، نە شۆڕبوونەوەیەک هەیە بۆ پشکنینی ناخ و رۆح، نە دوزینەوەی زمانێکی پاک و روون بۆ گێڕانەوە، نە زمانێکی ئازا کە فێری ئەوەمان بکات لە پێناو گەیشتن بە هەقیقەت لە تیغبازی دوژمنەکانمان نەترسین. ئێمە هێشتا نیشتەجێی ناو سندووقەکان و قەفەزەکانی خۆمانین، ئەوەشی کە هەستی پێدەکەین و دەیزانین، چونکە حەزی پێناکەین لە خۆمانی دەشارینەوە، هیچ شتێک لەوە کوشندەتر نییە کە فێری ئەوەمان بکەن کە چۆن خۆمان لە ناو خۆماندا بشارینەوە، چۆن چێژ لە چاوشارکێ ببینین لەگەڵ خۆمان بە جۆرێک کە لە ناو خۆماندا ون ببین، ئەوسا ئاسانتر دەبێت کە لەوانیدیکە ون بین و خۆمان بشارینەوە، بە هەزارەها راز و نیاز و نهێنی و تاوانەوە کە لە خۆمان و لەوانی دیکەی دەشارینەوە، دوا جار دەبین بە سندووقی تەقەتی نهێنییەکان کە لە ئاکامدا نەخۆشمان دەخات و کرمەرێز دەبین، ئەوە ئەگەر نەمانخنکێنێت، جوانترین کەس لای ئێمە ئەوانەن کە نهێنیپارێزن بۆ خۆیان، نەک بۆ خەڵکی، ئاسوودەترین کەس ئەو زاتەیە کە نهێنییەکانی خۆی بشارێتەوە و هی ئەوانی دیکەدا بە دونیادا بڵاو بکاتەوە، لە کەسی نهێنیدرکێن شادومانتر ئەوانەن کە گوێ لە فەزاحەت و نهێنییەکان دەگرن، هەنووکە بە یارمەتیی تێکنۆلۆژیا ئەم جۆرە گەمە چەپەڵە بووەتە خولیا و مەراقی پیسی ملیۆنەها لەسەر ئاستی جیهاندا، لای خۆمان بێزەوەرترە، پەروەردەی شەرمن و ترسنۆک و داڕزیو لەوە جوانتری لە هەگبەدا نییە، قوتابخانە نموونەییەکانی دەمامکدارەکان لەوە پاکتر بەرهەم ناهێنێت. ئەوەیان بەرهەمی نەبوونی ژیانێکی ئازاد و کراوە و راستگۆیانەیە، کە ناچارمان دەکات هەمووومان لە کونی دەرگاکانەوە بە دزییەوە سەیری یەکدی بکەین، وەک ئەو منداڵانەی مەراقیانە بزانن دایە و بابە لەودیو دەرگا و ژووری نووستندا چ دەکەن و لەبەرچی بە کلیل دایدەخەن.کەسمان ئەوە نین کە لە رووکەشدا و لە دەرەوەڕا دەردەکەوین، یەکەمین وانەی کە فێر دەکرێین دەمامکبازییە، ئاسوودە بە ریاکاری و ئاشووفتەی درۆکان، زمانێکی ناسک و شاعیرانە و لە رۆحدا ژەهرنشین و ژەهرـرێژ و ژەهرنۆش.

ئێمە نەوەیەکی بەرباد بووین کە شێتەکانمان بەردباران دەکرد تاوەکو بیسەلمێنین کە خۆمان شێت نین، کچە پاکیزەکانمان ئەتک دەکرد بە ناوی خۆشەویستییەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە پیاوین. چەندە کەیفخۆش بووین وەک لاو و پیاوی چەلەنگ

كە خۆشكەكان و كچەكان و ژنەكانمان كەنیزەك و كۆیلەی ئێمەن..چەندە مەرد و دلێر و ئازا بووین كە سەریان ببڕین بە ناوی شەرەف و ئابڕوویكەوە كە خۆمان ئەتكمان دەكرد و دەمانتكاند، بێئەوەی خوێنی گەشیان لە دەستە چەپەڵەكانمان بشۆینەوە..وای كە ئازاد و مێرخاسین. ئێمە ئاسوودە بووین بەوەی كە دەچووینە گۆڕستانەكان بۆ ئەوەی تەرمەكان بنێژین، ئاسوودە بەوەی كە هێشتا زیندووین، بێئەوەی دەركی ئەوە بكەین كە بەر لە مردووەكان ئێمە خۆمان هێشتا لە ناو تابووتەكانی خۆماندا ئارامین بە راكشان.. وای لەو ژیانە ناشیرینەی كە مەرگی خۆمانی پێ دەڕازێنینەوە..!
هیچ نییە.. هەمووومان زۆر بەختەوەرین مادامەكێ پێكەوە لە ناو هەمان تابووتداین، جەنگاوەری ئازا و بێباكین تاو ئەو شوێنەی بتوانین ئەوانی دیكە بكوژین تاوەكو نەكوژرێین.